www.kurdistannet.org
15-12-2006 16:15 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەرنجێک لەسەر وتو وێژەکەی کاک حەسەنی شەرەفی... برایم جەهانگیری

چەند رۆژ لەمەو بەر بەرێز کاک حەسەنی شەرەفی لە دیمانەیەکی تەلەیفونی دەگەل تیشک تی ڤی داو سەبارەت بە لەت بوونی حیزب هێندی قسەی کردن کەئەو قسانە دیسانیش هەر درێژەی ئەو چەند بەیاننامە 12 خالی و13 لاپەرەیی و 17 خالییە بوو کە لە چەند مانگی رابردوو دا بۆ ئەوەی کێشەکانی حیزب چارەسەر نەکرێن درانە دەرێ، جارێ پێش هەموو شتێک کاک حەسەنی شەرەفی لە تەلەوێزیۆنێک داو لە دژی کۆمەلێک خەلک قسەی کرد کە دامەزرانی ئەو تەلەویزیۆنە بەشیکی هەم بە یارمەتی مادی و مالی ئەوان و هەم بە کارو تێکۆشانی ئەو هاورییانە دەستی بەکار کرد، جا ئێستا ئەوە کوێ ئینسافە کە ئەو هاورییە یان ئەو هاورییانە دەس بەجێ ئەو کانالە کە ئەساسەن ئامانج لە وەرێ خستنی دژایەتی کردنی رێژیمی ئیسلامیی ئێران بووە بکەن بە سەکۆیەک و بە دژی مۆخالیفان و جودا بیران کەلکی لێوەرگیرن، ئەو کردارە ستەمێکی نارەواو رەفتارێکی ناشۆرشگیرانەیەو لەقامووسی هیچ کەس دا ناتوانری ناوی عەدالەتی لەسەر دابندرێ، تکایە با تەلەویزیۆنی تیشک وا لێنەکەین کە خەلکی کوردستان هەست بکەن بەرە بەرە دەبیتە بلیند گۆیەک بۆ دژایەتی کردنی لایەنی بەرامبەر. ئەو کارە لە ئیعتیباری تەلەوێزیۆن کەم دەکاتەوە و ئەوەش خۆی خەسارێکی گەورەیە لە راگەیاندنی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان.

سەبارەت بە قسەکانی کاک حەسەن کە وەک هەمیشە جگە لە دانی هێندێ دروشم و هەولدان بۆ هاندانی هەستی کۆمەلانی خەلکی کوردستان لە دژی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان_ئێران چی دیکە نەبوو دەبێ بلێم بەداخەوە ئەو هاورێیە هێشتاش ئەو راستییە تالەی قەبوول نییە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان تەنیا و تەنیا لەسەر شیوازی بیرکردنەوەکانی بەریزیان پارچە کرا و تازەش گیرانەوەی داستان و دانی دروشمی ئیحساسی چارەی هیچ دەردێک ناکات، کاک حەسەن کە لە قسەکانی دا هەولی ئەوەی دەدا کە تاوانی لەت بوونی حیزب بخاتە سەر ئەستۆی هاورێیانی ئۆپۆزیسیۆنی پیشوو و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان _ئیران ی ئەمرۆ، رووی کردە کۆمەلی قسەی دوور لە مەنتیق و ئەوەندەی بۆی کرا تاریخچەی جۆدا بوونەوەکانی بە چاوی هاورێیان دا داوە و لەو ماوە کورتە دا دووبارە وەک لەو چەند مانگە دا خەلکیان هەر بەو نیەتە هاندابوو گوتیان کە " ئەو هاورێیانە کە بەشێکیان هەر ئەوانە بوون کە لە کۆنگرەی 8 دا لەزەمانی د. قاسملوو داجوێ ببونەوەو بەشیکیشیان ئەوانە بوون کە لە کۆنگرەی 13 یان دەنگیان نەهینابۆوە یان بەرپرسایەتییان وەئەستۆ نەگرت، هەر لەسەرەتاوە دەستیان کرد بە کەم کاری و کاری وایان کرد کە شیاوی تیکۆشەرێکی دێمۆکرات نیەو کاریان نەکرد، کاریان وەئەستۆ نەگرت تەنانەت لەوەش بەولاوەتر کارشکێنیش کرا و ئەوانە و بەلام، بەو حالەی ئێمە هەرمودارا وبە یەکەوە بوون وکار دەگەل یەکترمان تەرجیع دا دەگەل ئەو هاورێیانەو.... "ئەوە کورتەیەک بوو لە پێناسەکردنی پارچەیەک لە حیزبی دیمۆکراتی کۆردستانی ئیران کە کاک حەسەنی شەرەفی ئەندامی دەفتەری سیاسی لایەنی کاک مستافا هیجری بۆ بینەرانی تیشک تی ڤی باسی کرد، ئەگەر بە وردی لە قسەکانی کاک حەسەن بروانین دەبینین و بۆمان دەردەکەوێ کە بەتایبەتی ئەو هاوری بەرێزە چەندە ناعادلانە و چەندە بە سووکی باسی بەشیک لە ئەندامانی رێبەرایەتی حیزبێک دەکات کە وەک خۆی و هەر لەو کۆنگرەیەی کە ئەو باوەری پێیەتی بە ئەندامی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی هەلبژیردراون، خۆ هەمووشمان باش دەزانین کە ئەو باوەرەی کاک حەسەن بەو دو سێ رۆژەی دوای لەت بوونی حیزب نەهاتوونە ناو هۆش و هزری کاک حەسەن بەلکوو ئە بۆچوونانە هیندە کۆن دیارن کە ژەنگیان گرتووە. تۆ بلێی ئەو بۆچوونە هەر ئەو

روانگە و بۆچوونانە نەبووبن کە لەسەر مالپەرەکان و لە هێندیک ژووری پالتاک دا لە لایەن هێندی خەلکی لایەنگری ئەو بەرێزانە پێش لەت بوون دەنووسران و دەکوتران؟ تۆ بلّی ئەو بۆچوونە هەر ئەو دیدو بۆچوونە نەبێ کە ئێستاش لایەنگرانی کاک حەسەن و هاوریبیانی لیرەو لەوێ دووپاتەی دەکەنەوە؟من لێرە تەنیا یەک پرسیار لە بەرێز حەسەنی شەرەفی دەکەم، ئایا بەراستی لەدەکار کردنی وشەکان لەجێی خۆیدا شارەزانین یان نای هەوێ پی لەو حەقیقەتە تالە بنێ کە ئەو کۆمەلە خەلکەی کە بەرێزیان بە " ژمارە خەلک" ناویان دەبا باوەر ناکەم نە بە کاک حەسەن بژمیردرین و نە بەکەسی دیکەش، ئەگەر وانییە با ئەو بەرێزە بفەرموی ئەو ژمارەیەی ئەو باسیان دەلات چەند کەسن؟!بەراستی تاکەنگێ دەتوانن حاشا لە راستییەکان بکەن؟ئایا پاش ئەو هەمووە کارەساتەی بەسەر حیزب دا هاتووە و هەموو سەرچاوەکەشی هەردەگەرێتەوە بۆ سەر ئەو بیرە دۆگما و مێشکە زیندانی کراوەی کە خەریکە بە شیوازی 30 سال لەمەو بەر دەگەل خەلکی ئەمرۆکە دەدوێ هێشتا لەو خەوە گرانە رانەپەریون؟

کاک حەسەن بەجۆری سەرەتای قسەکانی دەست پێدەکات کە دەلی لە حیزبێ دیمۆکراتی کوردستانی ئیران دا هیچ نەقەوماوە و هیچ رووی نەداوە، ئەو هاورێیە وەها لە نێو دەریای خۆ بەزل زانی دا نوقمە کە هێشتا ئەو زەبرەی وە پەیکەری حیزبێ دیمۆکرات کەوتووە پیی کەمەو هەر پێی وایە کە چەند کەسێک لە حیزبەکە جوێ بوونەوە یان بە بارێکی دیکە دا دەی هەوێ وا بنوێنی کە بەلێ چەند کەسێک لە حیزبی دیمۆکرات جوێ بوونەوە! بۆیە لە چەندین شوینێ قسەکانی دا باس لە بلاو کردنەوەی بەیان نامەی جوێ بوونەوە و لێک دابرانی چەند کەسێک و ژمارەیەک وشتی لەو بابەتە دەکات.

"لە بەیان نامەیەک داجوێ بوونەوەی خۆیان را گەیاند...

ئەو هاورێیانە رێگای خۆیان جوێ کردەوە...

دابرانی کەسێک و دوو کەس و چەند کەس ناخۆشە...

چ کەسانێک لە شەرایەتی وا ئاستەم دا رەوتی جیا بوونەوە و لیک دا بران دەگرنە پێش...

لە شەرایەتی وا دا جوی بوونەوە لە حیزبی دیمۆکرات نە بە قازانجی حیزبی دیمۆکرات دەزانم و نە ئەو هاورێیانەی پێشوومان....

ئەو چەند رستەیە تەنیا لە وتو وێژیکی چەند دەقیقەیی داکە دەگەل بەرێز حەسەنی شەرەفی سەبارەت بە لەت بوونی حیزب پێک هاتبوو لە زمان ئەو بەرێزەوە کوتراوە، ئەگەرچی هەموو هەولی کاک حەسەن لەو وتو ویژەدا ئەوەیە کە وا بگەیەنی ئەوا چەند کەس لەحیزب جوی بوونەوەو لەمەو بەدوا ئەوان مەیدان دارن و هەر ئەوان دەتوانن حیزبی دیمۆکرات بن وکەسانی دیکە ریزی حیزبیان بەجی هێشتووە و سەنگەریان جوێ کردوتەوە.... !جا ئایا ئەو هاورێیە چۆن ئەو حەقە بەخۆی دەدا لەجیاتی هاوریبیانی بەشەکەی دیەکی حیزب ئاوا قسە بکات و بی گوێدان بە دەقی بەیاننامەو راگەیەندراوەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان_ئیران خۆی ببی بە وتەبێژی ئێمەو باس لە جوی بوونەوە بکات! بەراستی ئەو کارە یەکجار جیگای سەرسورمانە، لە چەند بەیاننامەو راگەیەندراو و وتو وێژی هاورییان دا زۆر بەراشکاوی کوتراوە کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران بەداخەوە لەبەر پاوانخوازی و بەکار هێنانی بیرۆکەی وەلانان لەناوخۆی حیزب دا و لادان لە هێندی ئوسولی سیاسەتی حیزبی وەک ولامە ناسیاسییەکەی بەرێز کاک مستەفای هیجری بۆ رەگەز پەرەستێکی تورکی وەک نەزمی ئەفشار لە ئاکام دا لەت بوو، دیارە ئەو وشەیە واتە لەت بوون لە خۆرا دەکار نەکراوە بەهەموو پێوەرو پیوانەیەک ئەوەی لە حیزب دا رووی داوە بە پێچەوانەی بۆچوون و ویستی کاک حەسەنی شەرەفی لەت بوونی حیزب بوو نەک جوێ بوونەوەی چەند کەس لە حیزبێ دیمۆکرات. بەکار هێنانی رستە گەلی وەک" سەنگەری خۆیان جوی کردەوە" و "جوی بوونەوەی خۆیان راگەیاند " نە

خزمەتی لەمەو دوای دۆزەکە دەکات و نە ئیوەش هێچ قازانجێکی لی دەکەن و نە لەلای بەشیکی زۆری کۆمەلانی خەلکی کوردستان گرینگی پەیٚ دەدریٚ. پاشان بۆ و بە کام پێوانە ئێوە ریرەوی شەهیدانن و ئێمە نین؟ ئەو وەکالەتە لە کویٚ و لەلایەن کیٚوە دراوە بە بەشێک لەحیزب کە خۆی پیٚ ریبواری ریٚگەی شەهیدان بیٚ و خەلکی دیکە نا؟!ئەدی ئێمە ریبواری کێین؟ئەگەر هەتا دۆینی کاک حەسەن دەیتوانی بۆچوونەکان و بریارەکانی خۆی بەسەر ئەو هاوریٚیانە دا بسەپێنی و دەلیلیشیان بۆ ئەو کارە تەنیا مەشروعیەتی کۆنگرەی 13 و زۆرایەتی رێبەری بوو ئیدی لەمەو بەدوا ئەو بەریزە دەبی لە قسەکانی دا بریٚک وردتر بیٚ چوونکە ئێستا ناتوانیٚ نوێنەرایەتی لایەنەکەی دیکە بکات، ئەو لایەنەی کە کاک حەسەن زۆر باش دەزانیٚ لەباری کەمی و کەیفییەوە بۆ ئەوە نابن وایان باس بکات! ئەو هاوربییانە هەر ئەو کەسانە بوون کە زۆرە ملی زۆربەیان قەبوول نەکردو هەولیان دا پێش بە دیکتاتۆری زۆربە بگرن و نەهێلن چی دیکە سیاسەتە ئوسولییەکانی حیزب بەتایبەتی لەباری مەسەلە نەتەوایەتییەکان دا بە لاری دا ببریٚ و دیٚمۆکراسی نیٚو خۆیی لەلایەن چەند کەسێکەوە لەژێر پیٚ بنریٚ. بەلام کە سەرنەکەوتن بریاریان دا سەنگەری خۆیان لە ئێوە جودا بکەنەوە نەک لە حیزبی دیٚمۆکرات، دیارە حیزبی دیٚمۆکراتیش دەپاوانی هیچ ئینسانێک دانییە و ئەساسەن ملکی تایبەتی هیچ کەس ولایەنێک نییە.

ئەو هاوریٚیە ئەم جار لە بەشیکی دیکەی قسەکانی دا گەلالەی 17 خالییەکە قوت دەکاتەوە و دەلی"ئیمە بۆ ئەوەی ئەو هاوریٚیانە ریزی حیزب بەجیٚ نەهێلن بەشێک لە داخوازییەکانیانمان قەبوول کرد هەرتەنیا چەند خال نەبیٚ کە دژایەتی هەبوو دەگەل ئەساسنامە ویان ئەگەر ئەوانەشمان قەبوول کردبا حیزبەکە لەت دەبوو"وادیارە لە ناسین و دەست نیشانکردنی هۆیەکانی لەت بوون دا کاک حەسەن سەرکەوتنی بەدەست هیناوە بۆیە دوای لەت بوونیش باسی ئەوە دەکات کە ئەگەر خالەکانیان قەبوول کردبا حیزب لەت دەبوو! هاوریٚی بەریٚز ئەوە نیە ئیوە خالەکانتان قەبوول نەکردو حیزبەکەش لەت بوو؟! کەوایە ئوسولەن ئیوە هەلەتان کردووە کە ریٚگەتان دا حیزب لەت بیٚ، ئەو قسەیەی کاک حەسەن راست ئەو مانایە دەگەیەنیٚ کە هەم لە ناسینی هۆکاری کێشەکان و هەم بۆ دیتنەوەی چارەسەری کێشەکە ئەو بەریزانە بە هەلەیەکی ئاشکرا دا چوون. پاشان لەسەر نامەی 17 خالییەکا زۆر پیدادەگری و دەلی زۆربەی خالەکانمان پەسند کردووە، بەراستی سەفسەتەکردن تاکەی؟ کامە خال پەسند کراوە؟ جگە لەیەک خال کە بەئاشکرالە نامە 17 خالییەکە دا هاتووە کام خال قەبوول کرا؟ ئەویش ئەو خالەیە کە باس لە قەبوول کردنی بەرپرسایەتی ناوەندی 2 دەکات تا لە هاوریانی کەمینە بیت!من دلنیام کە ئەو کاتیش کە ئەو خالە گۆنجیندراوە هەر ئەو دەلیلەی هەبووە کە ئیستا کاک حەسەن باس لە قەبوول کردنی 17 خال لە داواکارییە 20 خالییەکەی ئۆپۆزیسیۆن دەکات، ئەوان هاتن کۆتیان قەبوول دەکەین کە بەرپرسی ناوەندی 2 لە هاورییانی کەمینە بیٚ! گۆنجاندنی ئەو خالە لەکاتی خۆشی دا تەنیا بەو هۆیە هاتووە تا ئەو هاوریٚیانە وا نیشان بدەن کە کێشە کێشەی مەسئولییەتە!بۆیە هاتن و ئیمتیازی ناوەندی 2یان دا بە ئۆپۆزیسیۆن، دەحالیک دا کێشەی ئێمە کێشەیەکی دیکە بوو کە بە داخەوە هەرگیز تا ئیستا هیچ کام لەو دۆستانە بەلای ئەسلی مەسەلەکە دا نەچوون.

کۆتایی قسەکانی کاک حەسەن دووبارە کردنەوەی ئەو دروشمانەن کە چەندین سالە لە بۆنەو مۆناسیبەتە حیزبیەکان دا گویمان لە بووە بەلام ئەم جارەیان بە باریٚکی دیکە دا:من هەموو خەلکی کوردستان دلنیا دەکەمەوە کە حیزبە خۆشەویستەکەیان کە پەیرەوی ریٚبازی ریٚبەرانی شەهیدیانن ئەو جارەش لەو تاقیکارییە بە سەر بلیندی دیٚتە دەریٚ ئەو جاریش رەوتی خەبات باشتر دەپێوی تەبیعەتەن دلنیاشم کە هەموو کادر و پێشمەرگەکان هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە هەر جێگایەک کە هەن بۆ ئەوەی رەوتی خەباتەکە نەک کز نەبیٚ، نەک چەتی تی نەکەویٚ بەلکوو برەوتر

لەجاران رەوتی خۆی درێژە پێ بدا....... هتد. ئەمە کۆیایی قسەکانی ئەو بەریزەیە ئایا دەکرێ لە کاک حەسەن بپرسین باشە ئیوە کە پەیرەوی رێبازی شەهیدانی سەرکردەن ئەدی ئێمە پەیرەوی کێین؟کاک حەسەن وەک چۆن حیزبی لە ماوەی دوای کۆنگرەی 13 دا دەپاوانی خۆی گرت خەریکە شەهیدەکانیش پاوان دەکات و هەر خۆی بە پەیرەوی ئەوان دەزانێ و رووی قسەکەی دەگل خەلکی کوردستانە کە ئەوە ئیمەین پەیرەوی راستەقینەی شەهیدانی سەرکردەین.

لە ناو هەموو گەلانی پێشکەوتووی جەهاندا رابردوو کراوەتە وانە و کتێب و بەرەی نوێ خوەندوویەتی و دەرسی لی فیر بووە، لاوان بە هۆی سەرکردە وشیار و راستگۆکانەوە دەرسەکانیان کردووە بە مەشخەلی رێگای داهاتوو، بەلام کاک حەسنی شەرەفی وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیمۆکرات هەر بە شانازییەکانی ناودارانی رابردووی گەلەکەمانەوە خەریکە و خۆی پێ رادەنێ و فێری بەرەی داهاتووش دەکات کە هەر وا بکەن، ئەو بیرو بۆچوونە نەتەنیا وەفاداری نییە بۆ شەهیدانی سەر کردە بەلکوو رەوتی بەرەو پیش چوونی کۆمەلگای کوردەواریش تووشی وەستان و لە جوولە کەوتن دەکات، ئەو رەفتارە وای کردووە کە ئەو هاورییە حەق دەدا بە خۆی بە نوینەرایەتی هەموو ئەندام و لایەنگرێکی حیزبێ دێمۆکرات قسە بکات و هەموو خەلکی کوردستان دلنیا بکاتەوە کە هیچ رووی نەداوە؟!من دلنیام ئەو هاورێیە رۆژێک دادی لەو خەیالە دێتە دەری بەلام ئەو کات زۆر درەنگ دەبێ. ئەوە دەحالێک دایە کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان_ئیران لەو باوەرە دایە، سەرکردە ناودارەکان بە تەنها هی حیزبی دیمۆکرات نین بەلکوو هی هەموو خەلکی کوردستانن و نابی بە خاتری بەرژەوەندی خۆمان کەلکی نابەجێ لە گەورە پیاوانی مێژووی کورد وەرگرین، ئاخۆ کاتی ئەوە نەهاتووە تا بە پشت ئەستوور بوون بەو گەنجینە پرئەزموونەی رابردووە روو لە داهاتوو بکەین و چی دیکە لە دەسکەوتەکانی رابردوو نەخۆین و هەول بدەین ئێمەش دەسکەوتێک بۆ بەرەی پاش خۆمان بە جێ بێلین.